# ئەی ژن،
# تەڕتر لە باران بە گریان

هاوڕێ گۆران

( بۆ مەهاباد قەرەداغی شاعیر و خوشک و ئازیز ، کە لە ماڵی تاریکی داب و نەریتی ڕزیوودا پەنجەکانی دە چڵە درەختی ڕووناکین.)



ئەی ژن،
مانگ تر لە مانگ. . بە تریفە!
ئەی ژن،
ئەستێرە تر لە ئەستێرە. . بە ورشە!
ئەی ژن،
میهرەبانتر لە خۆر. . بە عەشق
نەرموشلتر لە ئاو. . بە خەیاڵ
سووتاوتر لە ئاگر. . بە هاوار!
ئەی ژن،
تەڕتر لە باران. . بە گریان
کوژراوتر لە بەفر. . بە کپی
تەنیاتر لە (با). . بە ناڵە!
ئەی ژن،
گوڵتر لە گوڵ. . بە ڕەنگ و بۆن و ناسکی
دڵتر لە دڵ. . بە چرپە و خورپەی ژیان!
ئەی ژن،
لە پایز غەمگینتر. . بە وەرین
لە بەهار ڕەنگینتر. . بە ئەوین
لە کۆتر ناسکتر. . بە جوانی
لە کانی ساکارتر. . بە ڕوانین!
ئەی ژن. .
لە دەرەوەی دەنگی تۆ
لە دەرەوەی ڕەنگی تۆ
لە دەرەوەی هەناسە و شەبەنگ و. . شەنگی تۆ
بەفرەکان ڕەش بوونەوە!
نیشتیمان بەتاڵ بوو لە ئەشق و جوانی
کۆترەکان بیر لە ئاسمانێک دەکەنەوە لە ژێر دەریا
دەریاکان خەون بە خاڵێکەوە دەبینن

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

لەودیوو دڵی ئاسمانەوە
بولبوولەکان لە قەوانا دانیان بۆ ڕۆکراوە
پشیلەکان دە کەوڵی وەفایان. . بۆن بە گوڵەکانەوە دەکەن
ئەی ژن،
باوکەکان لە تاریکیدا
لافیتە بۆ مەرگی خۆر دەنووسن
ئەی ژن،
عەبەسە، عەبەس. .
درەختەکانی نیشتیمان دەکرێنە دارستەق و تابووت و کەپر
بۆ پیاوە یەک لاقەکانی زێرابی بەرد.
ئەی ژن، عەبەسە
یەک خۆر شەپۆل دەدا
یەک (با). . دەبارێ!
یەک باران هەڵدەکا!
هەزار باوک. . هیچ خوایەک ناپەرستن
یەک خەون و خوێندنەوەیان هەیە. . بۆ؟
ئەی ژن،
ئێمەی پیاو باخچەکانمان ژەهرڕێژ کرد
ئینجانەکانمان فڕێدایە زبڵدانەکانەوە
گوڵەکان لە قەوان و پۆستاڵەکاندا نارووێن
بە ناوی عەشقەوە لە گوناها ڕاکشاین
جێژوانەکانمان بوون بە سەنگەری شەڕ
سەنگەرەکانمان بە جێژوانی مردن
ئەی ژن،
ئێمەی پیاو. . باڵی پەپوولەکانمان وەراند
گەردەلوول. . وا لوولمان دەدا
ڕووناکیمان ئەتک کرد
تاریکی سواری سەرمان دەبێ
دڵمان بە ڕووی باراندا پێوەدا
بۆ گوڵێ دەچینە ئاسمانا
ئەی ژن، بە هەڵە ژیاین
لە دەرگای هەموو ماڵێ ئەم سروودەمان نووسی:
شەڕ جوانترین باڵندەیە!
خۆشترین دەنگی بەلاوەیە
گوێ لە چریکەی خوێن بگرن
جوانی هەر لە کەلاوەیە!
خوێن ژیان ئەنووسێتەوە

www.kurdistannet.org
16-1-2003 16:30

هەموو شتێ پیر بوو وەک خەونەکانی منالێتان
تەمەن درێژیی بۆ شەڕە . بیر لە ئاشتی مەکەنەوە!
چۆن ئەو ماسییە پیرانەی لە قوڵایی دەریاکانا
بیر لە سک و زا ناکەنەوە
بیر لە ژیان . عەشق . جوانی، مەکەنەوە!
لە دووربینی شەڕەوە . جوانییەکانی بوون ببینن
دەستتان لەسەر دڵتان لابەن
بیخەنە سەر پەلەپیتکەی تفەنگەکان
ئەلقەی عەشق ورد و خاش کەن
یەکی ئەلقەی ڕوومانەیەک بکەن بە پەنجەی ڕۆحەوە
وێنەگرتن بە چەکەوە جوانە!
پیاسەکردن بە چەکەوە پیاوانەیە!
ماچکردن بە چەکەوە خۆشە!
مردن بە چەکەوە پیرۆزە!
وێرانەی شەڕ ئاوەدانییە . خەیاڵی ئاوەدانی عەشق مەکەن
مانگ و خۆر و ئەستێرەکان
ئەکەین بە سەنگەری شەڕ
ئەی ژن،
ئێمەی پیاو
ئەم سروودەمان خوێند
ئەی ژن، منیش وەک تۆ تاوانبارم
ئەڵێم:
با بەرزبوونەوەی چینەکانی دەنگی پیاو
لەسەر بێدەنگی ژن نەبێ
با درەوشانەوەی ڕەنگەکانی پیاو
لەسەر بێڕەنگی ژن نەبێ
ئەی ژن،
بریندارتر لە مانگ . بە تریفە
وێرانتر لە ئەستێرە . بە ورشە
پڕ هاوارتر لە خۆر . بە تیشک
تەڕتر لە باران . بە گریان
کوژراوتر لە بەفر بە کپی
ئەی ژن، ئەی ژیان
ئەی ژیان، ئەی ژن
ئەی ژ
نا ئەی ژ
یان ئەی ژ

**ن، ئەی ژیان، ئە**

**ی ژن**

**بمبەخشە. . تۆ پیرۆزی**

**تۆ گەورەی**

**بمبەخشە**

**هیچم نییە بۆ ووتن**

**بمبەخشە**

**هیچم نییە**

**بۆ**

**ووتن**

**بۆ** ؟؟؟!!

. . .

**۲۰۰۳ سوێد**

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیر و بۆچونی نەتەوایەتیمان بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە بەڵام بەهۆە بڕوابوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە.... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگایە ......... ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت.. ۱۵-۱-۲۰۰۳......

www.kurdistannet.org کوردستان نێت